لێکەوتەناسیی زینا لەگەڵ مەحارم لە وڵاتی ئێران

توێژینەوەیەک سەبارەت بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان

توێژەر: کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ لێکەوتە نەرێنییەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە ناو خێزاندا بناسرێت. لەم سۆنگەوە لێکەوتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دەروونی و بایۆلۆژییەکانی زینا لەگەڵ مەحارم بە بەکارهێنانی شێوازی زەمینەیی دەستنیشان کران. کۆمەڵگەی بەرلێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوە ئەو کەسانەن کە لە تافی منداڵیدا هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی سێکسییان لە ناو خێزاندا بە ئەزموون کردووە؛ قەبارەی نموونەی دیمانە لەگەڵکراو ٤٥٢ کەس و شێوازی نمونەگیرییەکە بە شێوەی تۆپەڵە بەفری و ئامانجدار بوو. ئەنجامەکە ئەوەیە کە: بە پێی فەرهەنگ و باوەڕە باوەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران، لێکەوتەکانی تووندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵان لە لایەن مەحارمەوە لە سێ بەشدا شیاوی پۆلێنبەندییە: لاوازکردنی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، لێکەوتە ئاست مامناوەندییەکانی وەکوو قەیران لە ناو خانەوادە و پەروەردە، و لێکەوتە تاکەکەسییەکانی وەکوو تێکچوونی باری دەروونی. قووڵایی ئەم خەسارەتانە بە پێی جۆری چالاکییە سێکسییە سەپێنراوەکان، جۆری پەیوەندییەکانی ناو خێزان و پەیوەندیی خزمایەتی لایەنەکانی زینا و هەروەها تەمەن و ڕەگەزی قوربانییەکان جیاوازە. هەندێک لەو لێکەوتە هەرەگرنگانەی کە لەم توێژینەوەدا دەستنیشان کراون بریتی بوون لە: لاوازبوونی پەیوەندییەکان و متمانەی کۆمەڵایەتی لە ڕەوتی ژیاندا، کەمبوونەوەی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، تێکچوونی ڕۆڵگێری و پێکهاتە و کارداکانی خێزان، هاوسەرگیریی پێشوەختە یان هاوسەرگیری نەکردن و گرژی لە پەیوەندیی هاوسەرێتی و تەڵاق، ڕوانگەی پڕ لە سووکایەتی بەرامبەر بە سێکس، دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگا و کەسانی دەوروبەر و پچڕان و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تێکچوونی باری دەروونی و کەسایەتی، هاوڕەگەزخوازی، پەرەپێدانی گەڵاڵەی ناکۆک، تێکچوونی کارکردەکان، زیانە جەستەییەکان، هەوڵی خۆکوشتن و لەخۆدان، باڵقبوونی پێشوەختە، ئاشنابوونی ناوەخت بە بابەتە

[1]. http://kameelahmady.com & Kameel.ahmady@gmail.com توێژەر و مرۆڤناس، ماستەری مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی، زانکۆی کێنت – ئینگلتەرا

سێکسی و ڕەفتارە سێکسی و ناسێکسییە مەترسیدارەکان، ئالوودەبوون بە پەیوەندیی سێکسی، ڕوانگەی نەشیاو بەرامبەر بە ئەندامەکانی جەستە، هەستکردن بە ترس، تووڕەیی، خۆسەرکۆنەکردن، گوناح، ئازاری ویژدان، ڕق، نەبوونی ئاسایش، هەستکردن بە دەستدرێژی لە کاتی سێکسکردندا، هەستی حەقداریەتی، سووکی / سووکایەتیپێکردن، تارێنران و گۆشەگیری، تەنیایی، نیگەرانی، دڵشکاوی، شەرم، بێزاری، وەحشەت و تۆقان، تۆڵەسەندنەوە، بێتاقەتی، داماوی و بێبەشی، خەم و خەفەت، ناڕەحەتی، کشانەوە، هەستکردن بە پیسی یان قێزەونی، بێدەسەڵاتی، بێهیوایی، ڕەشبینی، هەستکردن بە قوربانیبوون، وابەستەیی سۆزداری، ناهومێدی، هەستکردن بە شکست، بێبایەخی، هەستکردن بە شیاوی بەزەیی‌بوون، ئیرەیی، نەبوونی هەست و هەندێک هەستی دیکەی وەکوو هەستی خۆشی دەستلێدان، خۆ بە لەشفرۆشزانین، هەستکردن بە هاوڕەگەزخوازی و هەستکردن بە جیاوازبوون لە دیتران. هەستی کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بە پێی بارودۆخە و لە هەر بارودۆخێکدا کە وەبیرهێنەرەوەی دەستدرێژییەکە بێ یان هاوشێوەی بارودۆخەکە بێ ئەوا هەستی خۆیان دەردەبڕن و هەڵبەت لە هەندێ لە بارودۆخە ناوەندییەکاندا دەتوانن هەستە دەربڕدراوەکان بە شێوەی ئاوێتەیی و هەندێک جار دژی دۆخەکە دەربڕن.

وشە کلیلییەکان: لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی، زینا لەگەڵ مەحارم، خێزان لە ئێران، منداڵان

1.پێشەکی

بەشی یەکەمی وتاری زینا لەگەڵ مەحارم لە دژی منداڵان ئەو هۆکار و فاکتەر و بوارانە تاوتوێ دەکا کە پرسی زینا لەگەڵ مەحارمی لە کۆمەڵگای ئێراندا بەدی هێناوە و بەشی دووەم تەرخان کراوە بە لێکەوتەناسییەکانی زینا لەگەڵ مەحارم کە لەم وتارەدا ئەمانە دەخرێتە ڕوو. ئەنگێزە و ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارە لێکدانەوەی لێکەوتە خراپەکانی تووندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵان لە ناو خێزان و لە لایەن کەسانی مەحرەم و ڕوونکرنەوە و ناسینی ئەم دیاردە و ڕەهەندەکانی و لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانی لە پێناو ڕێگری و کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە بەستێنەکان بناسرێن و پلانی بۆ ئامادە بکرێ و بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە لە ناو کۆمەڵگادا سیاسەتی کاریگەرانە بگیرێتە بەر. هەر بۆیە هەوڵ دەدرێ لێکەوتە

نەڕێنییەکانی ئەم دیاردە لە سەر ئاستی کەڵان/پێکهاتەیی، ناوەندی/دامەزراوەیی و ورد/تاکەکەسی بە فوکوس کردنە سەر بواری منداڵان و پشتبەستن بە نموونە وەدەستهاتووەکانی داتای دیمانەکان دەستنیشان بکرێت.

بواری سێکسوالیتە و توندوتیژیی سێکسی لە فەرهەنگی ئێراندا بە هۆی تابۆبوون و بڤەبوونی ئەم دیاردانە و دەستڕانەگەیشتن بە زانیارییەکان هێشتا بە تەواوەتی لێک نەدراوەتەوە و توێژینەوە نیشتمانییەکان لەم بوارەدا سنووردارن. هەژموونیی ئایینیش کە تێکەڵ بە سیاسەت بووە بواری بۆ توێژینەوەی زانستی و پشتیوانیی کاریگەر لە چوارچێوەی پشتیوانیی پزیشکی و یاساییدا تەسک کردۆتەوە. ئەم باڵادەستیی ئاراستە و گوتاری ئایینییە کە تابۆبوونی لێ کەوتۆتەوە و هەروەها ئەو میکانیزمە مێژوویییەی کە باڵی بە سەر ڕەهەند و جومگەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا کێشاوە، هەمیشە بوونی هەبووە و نەیهێشتووە بابەتی لەم چەشنە ڕوون بکرێتەوە و کۆسپ و تەگەرەکانی بەر دەمیان لا بچێت. ئەو کەمە توێژینەوەی کە لە لایەن توێژەرە هۆگرەکانەوە ئەنجام دراوە، قووڵیی ئازار و ڕەنجی کەسانی دەستدرێژیکراو، لە ناویاندا منداڵان، دەردەخات. سەرەڕای بڕەوی ئەم دیاردە لە ناو کۆمەڵگادا، نەک هەر ئەم قوربانیانە وەک پێویست پشتیوانی ناکرێن، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و یاسا ستەمی زیاتر لەم قوربانییانە دەکەن کە بە پێی ئەم فەرهەنگ و باوەڕە باوانەی ناو کۆمەڵگا، لێکەوتەی جەستەیی و دەروونی و تڕۆمای زۆر قووڵتر لە قۆناغەکانی دواتری گەشەدا بە سەر منداڵ دەسەپێنرێ کە بە پێی جۆری چالاکییە سێکسییە سەپێنراوەکان، جۆری پەیوەندییەکانی خێزان و خزمایەتیی لایەنەکانی زینا و هەروەها تەمەن و ڕەگەز جیاواز دەبێت.

لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ژنان لە پێگەی نزمدایە، ئەوان بەرەوڕووی هەموو جۆرە ناوەنیتکەی ئەخلاقیی نەرێنی دەبنەوە. وا دیارە کۆمەڵگا کەسی قوربانیی دەستدرێژی نەک وەک کەسێکی ئاسایی یان تەنانەت وەک قوربانییەک، بەڵکوو وەک لادەر و تاوانبارێک دەناسێ و بە ناونیتکەلێنانی دیسان زوڵمی لێ دەکاتەوە. تاراندنی کەسی قوربانی، قوربانی لە داپەڕ و ڕێوشوێنی پشتیوانیی خۆبەخشانە و چارەسەر و هەروەها خزمەتگوزاریی پەروەراندنەوەی حکومی و ناحکومی بێبەش دەکات. (ایروانیان، 1389 هەتاوی). بۆیە چارەسەری ئەم بابەتە لەم ڕووەوە پێویستە چونکە:

1- لە لایەک زەمینە بۆ توندوتیژی دژ بە منداڵان بەتایبەت توندوتیژیی سێکسی خۆش دەکات. 2- لە لایەکی ترەوە بە هۆی نەبوونی پاڵپشتیی کاریگەر، نەبوونی فێرکاریی سێکسی لە قوتابخانە و ڕێکخراوەکانی دیکە و هەروەها 3- ئەو ناو و ناتۆرانەی کە بە هۆی ئەم دیاردەوە دروست دەبێ کە لە زۆر حاڵەتدا کۆسپی بەر دەم ئاشکراکردنی ڕووداوی دەستدرێژییە؛ ڕووی لە زیادبوونە و


کەمتر لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەت و پلانەکانی گەشە لە کۆمەڵگای ئێراندا سەرنجی پێ دراوە هەر بۆیە لە ئاستی کەڵان، داڕشتنی سیاسەت و ئامادەکردن و دەرکردنی یاسا بۆ پێشگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە زۆر پێویستە. پێویستە سیاسەت و یاساکان لە سەر بنەمای توێژینەوە و زانست و مەعریفەی بەرهەمهاتووی ئەم بوارە بن بۆ ئەوەی کاراتر بن. لە پلانی گەشەی شەشەمدا کە پرسی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرچاو گیرا پرسی منداڵان بەتایبەت تووندوتیژی دژی منداڵان، کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە و هەروەها پرسی منداڵان لە سیاسەتە گشتییەکانی ئێراندا هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە. هەر بۆیە بە هۆی بوونی ئەزموونی تووندوتیژیی سێکسی لە ناو ژینگەی خێزان و بە هۆی لێکەوتەکانی ئەم دیاردە بۆ سەر ئەو کەسانەی کە قوربانین بەتایبەت منداڵان سەرنج خستنە سەر ئەم پرسە تا دێ گرینگتر دەبێت. دەستنیشانکردنی لێکەوتەکانی ئەم کێشە، ڕێگە بە سیاسەتدانەران و پسپۆڕان دەدا کە بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردە بتوانن ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر و دەستێوەردانی کاریگەرتریان هەبێت. توێژینەوەی لەم چەشنە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی دیکەدا، خاڵی دەستپێکی بیرکردنەوە، پێداچوونەوە و لە ئەنجامدا دانانی سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی سێکسی لە ناو خێزان و کۆمەڵگایە. پێویستە حکومەتەکان سەرنجێکی زیاتر بپرژێننە سەر ئەم بابەتە، چونکە دەستدرێژیی سێکسی، جگە لەوەی کەرامەت و متمانە بە خۆیی منداڵان، نەک تەنها لە تەمەنی منداڵیدا، بەڵکوو لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانیاندا پێشێل دەکا بەڵکوو زیانیان پێدەگەیەنێ و دەتوانێ بەردەوامیی ئەم پرۆسە بەهێز بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، ئەم پرسیارەی خوارەوە بە کەڵکوەرگرتن لە گەڵاڵەی چۆنایەتی و توێژینەوەی مەیدانی دەخرێتە بەر تیشکی لێکدانەوە: لێکەوتە پێکهاتەیی، دامەزراوەیی و تاکەکەسیەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن کەسانی مەحرەمەوە لە وڵاتی ئێراندا چین؟

2 – شێوازناسی

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەوە ئەنجام دراون، بە هۆی تابۆیی و نهێنییەتی و ئاستەنگە یاساییەکان نەیانتوانیوە دەلاقەیەک بەرەو دنیای دەستدرێژیکراوان و دەستدرێژیکاران (ئازاربینراوان و ئازاردەران) بدۆزنەوە. ناسینی ئەم دیاردە لە لایەک پێویستی بە بەدەستهێنانی متمانەی دەستدرێژیکراوان و دەستدرێژیکارانە و لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە ئاشنابوون بەو تێگەیشتن و واتایانەیە کە لە ئەزموونی ئەم کەسانەدا هەیە. لە شێوازی چۆنایەتی و بەتایبەت لە شێوازی توێژینەوەیی

گرەندد تیۆری ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە بوونیان هەیە و بە کورتی پێی دەوترێ GT. ئەم شێوازە بەو تەکنیک و ئامرازانەی کە بۆ توێژەری دابین دەکا، دەتوانێ زۆر بە باشی لێکۆڵینەوە لە سەر بەستێن و بارودۆخی هۆکاری، فاکتەر، ئەزموون، ڕێکارەکان و لێکەوتەکانی دیاردەی "توندوتیژی سێکسی بەرامبەر بە منداڵان" بکا و لە کۆتاییدا، تیۆری و یان مۆدێلێکی زەمینەیی لەم دیاردە بخاتە ڕوو. ئەم توێژینەوە بۆ کۆکردنەوە و شیکاریی داتاکان ئەم شێوازەی بە کار هێنا.

کۆمەڵگەی بەرسەرنجی ئەم توێژینەوە هەموو ئەو کەسانەن کە لە سەردمی منداڵیدا جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردبوو؛ واتە ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵیدا لە لایەن مەحارمی خوێنی (نەسەبی) و مەحارمی ناخوێنی (سەببی) دەستدرێژیی سێکسی کرابووە سەریان. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا دیمانەیان لەگەڵ کرا 452 کەسە. شێوازی نموونەگیریی بە شێوازی تۆپەڵە بەفری و ئامانجدار بوو. بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە سوودمان لە تەکنیکی دیمانەی نیمچە پێکهاتوو وەرگرت و بۆ شرۆڤە و شیکاریی داتاکان، پرۆسەی کۆدینگی شتراوس و کۆربین بە کار هێنرا.



چارتی ژمارە 1: لێکبڵاویی فرەیی وڵامدەران بە پێی تەمەن

داتاکانی ئەم توێژینەوە لە سێ سەرچاوەی سەرەکی وەرگیراون: ١- ئەزموونی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەریان. ئەم کەسانە بە هۆی ئەزموونی ژیاوی دەستدرێژی و هەستکردن بە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی سەرچاوەی ئەو زانیاریانەن

که دەتوانرێ لە داڕشتنی سیاسەتدا بقۆزرێتەوە. 2- پێشنیاری پسپۆڕان و خاوەنتیۆریی بوارەکانی وەکوو دەروونناسی، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی، تۆێژینەوەی ژنان، کۆمەڵناسی، یاسا و پسپۆڕانی بواری منداڵان بە هۆی زانیاری کردەیی خۆیانەوە یەکێک لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زانیاری سەبارەت بەم بابەتەن. 3- ئەدەبیاتی بواری منداڵئازاری کە خوێندنەوەیان بۆ بەهێز و پێزکردنی ئەم بابەتە بەسوود بوو.

3- لێکەوتەناسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە ناو خێزاندا

یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانی بواری منداڵی لە وڵاتی ئێراندا ئەوەیە کە لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگا قۆناغەکانی تافی منداڵی و هەڕەتی مێرمنداڵی بە نەناسراوی ماوەتەوە و قۆناغبەندی نەکراوە. بە گشتی مێرمنداڵی لە پانتای کارلێکدا ڕووبەڕووی پرسگەلی وەکوو شوناس و هەست و سۆزی نەرێنی وەکوو ترس، تووڕەیی، دڵەڕاوکێ، نەبوونی متمانە و ئاسایش و هتد دەبێتەوە. دەستدرێژیی سێکسی لەم قۆناغەدا دەتوانێ زۆر خەسارەتبەخشتر بێ و ببێتە هۆی بەردەوامبوون و خەستتربوونی ئەم کێشە و هەستانە و باری کەسایەتی کەسەکە لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا چ لە ڕەهەندی تاکەکەسی و چ لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا قەتیس دەمێنێ و ناهێڵێ بەرەو قۆناغەکانی دواتر هەنگاو بنێ و لە ڕووی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکات. بەڵگەکان دەریدەخەن ئەو کەسانەی کە خۆڕاگرترن و سەرچاوەی خۆڕاگریی زیاتریان هەیە واتە خاوەن پاڵپشتیی کۆمەڵایەتین باشتر دەتوانن بە سەر لێکەوتەکانی ئەزموونی تووندوتیژیی سێکسیدا زاڵ بن و بگەڕێنەوە بۆ ناو ژیانی ئاسایی (ایروانیان، 1389 هەتاوی).

3-1- لێکەوتە کەڵان/پێکهاتەییەکان

- لەناوبردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی

سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی تاک واتە: هەڵدانی کۆی ڕێژەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی متمانەی ناو پەیوەندییەکان (ڕوشتاین، 1393 :25-123). هەبوونی متمانە و ئاسایش، تاک بە کەسانی گرینگی ژیانەوە دەبەستێتەوە و لە ئەنجامی ئەمەدا هەستی هۆگری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سۆزداری دروست دەکا و هەڵی تێکەڵبوون بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان واتە خانەوادە و گرووپەکانی تر دەڕەخسێنێ، بە پێچەوانەوە کاتێک ئەم متمانە و هەستکردن بە ئاسایشە تێک دەچێ یان لاواز دەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی تاراندنی کۆمەڵایەتی و دابڕانی تاک لە گروپ و لە ئەنجامدا، ئەو ناتوانێ لە پاڵپشتیی سۆزداری و پەیوەستبوون بە گروپ سوودمەند بێت. سەرمایەگەلی وەکوو متمانە و ئاسایش هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا دەهێنێ و کاریگەری لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تاک لەگەڵ گروپ و کۆمەڵگا و هەروەها یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دادەنێت. سەمانە تەمەن ٣٥ ساڵ و ماستەری یاسا، وتی:

کەسێکی وام شک نەدەبرد کە بچم لای باسی بکەم. کەس نەبوو کە متمانەی پێ بکەم و لێم تێبگات. بریندار بووم نێستا کە بیری لێ دەکەمەوە هیچ کەس و شوێنێکی شیاوی متمانە نەبوو کە بچم هاواری بۆ بەرم. هیچ ئاسایشێک بۆ من دابین نەکرابوو. با بڵێم دو اتر شتێکی باشترم بە سەردێت.

ئەو تۆڕە پەیوەندییانەی کە لە منداڵانەوە نزیکە وەکوو دایک و باوک یان مامۆستا یان هەر کەسێکی تر کە منداڵ هەست دەکا کە دەتوانێ ئەم متمانە و ئاسایشە لای ئەوان بە دەست بهێنێ، زۆر گرنگە. بوونی ئەوان وا لە منداڵ دەکا کە هەست بکا کە دیتران و ئەم جیهانە جێی متمانەن و دنیا بۆ ژیانی ئەو شوێنێکی ئارامە.

جگە لە دژایەتییە دەروونییەکان و تێکچوونی ئاسایش و متمانە لە ناو پانتای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسی دەستدرێژیکراو، تووشی هەستی دژەکۆمەڵایەتی دەبێ و لە ئەنجامدا کارلێکێک دەگرێتە بەر کە لە سەر بنەمای گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە کەسانی دیکەیە. هەڵبەت هەندێ گێڕانەوەش هەیە کە گوزارشت لەوە دەکا کە هەندێک لەو منداڵانە کارلێکی وەکوو سەرکەشی و تووندوتیژی لە ڕادەبەدەر و ناتەبابوون لەگەڵ ژینگە و کەسانی دەوروبەر لە خۆیان نیشان دەدەن. هەندێک لە گێڕانەوەکان گوزارشت لەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتە سەر بەتایبەت لە لایەن مەحارمەکانیانەوە زۆر جار ڕفتاری تووندڕەوانە و ناهاوسەنگ یان کەڵکەڵەی بینران لە خۆیان دەنوێنن و یان هەوڵی نەبینران دەدەن ئەنجامەکەی دەبێتە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی، لە هەر حاڵەتێکدا، نەبوونی هاوسەنگیی کارلێک لەم کەسانەدا ناهێڵێ پەیوەندییەکی بنیاتنەر و هاوسەنگ لەگەڵ ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، ساز بکەن. کاتێک ئەم منداڵانە بە هۆی

دەستدرێژییەوە متمانەیان بە دیتران و کۆمەڵگا لە دەست دەچێ ئەوە ڕووبەڕووی لاوازبوونی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان دەبینەوە کە یەکێک لە بەربەستەکانی گەشەسەندنی هاوسەنگە.

2-3- لێکەوتەکانی ئاستی مامناوەند/دامەزراوەیی

1-2-3- کەوتنەوەی پشێوی لە ناو خێزاندا

- نەبوونی ڕاهێنان لە بواری ڕێگری لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا و هەروەها نەبوونی سیاسەت و خزمەتگوزاریی سیستماتیکی کۆمەڵایەتی لە لایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکانەوە بۆ پشتیوانی لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی وای کردووە کە ڕێژەی ئەم جۆرە دەستدرێژییانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بێ و لێکەوتەکانی تووندتر بن. خانمێکی تەمەن 21 ساڵ، شارەزای بواری یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی وتوویەتی:

من و دایکم بە هۆی هەندێک کێشەی خێزانییەوە لێک جیا بووینەوە. بە هۆی ئالوودەبوونی باوکم بە مادەی هۆشبەروکێشەکانی دیکەوە من پەیوەندییەکی سۆزداریی نەوتۆم لەگەڵ دایکمدا نەبوو؛ ئەم نەبوونی پەیوەندییە سۆزداریە هەرهەیە و مینش کاری لە سەردەکەم. پەیوەندیی سۆزداریمان باش نەبوو و مینش نەمدەزانی ئەگەرئەمە لای دایکم بدرکێنم کاردانەوەی چی دەبێت". بۆوێنە دەڵێ ئەم قسانە بۆ تۆ شووەییە لەم تەمەنەدا قسەی وا مەکە یان دەڵێ بۆچی وا دەڵێی درۆ مەکە. زۆردەترسام ڕۆژێ بە هۆی ئەمەوە شەڕووبدات.

- دەستدرێژیی سێکسی لە هەڕەتی منداڵیدا کاریگەری لە سەر بۆچوونی تاک سەبارەت بە چێژی سێکسی و ڕێژەی پەیوەندیی سێکسیش هەیە و ئەگەر ئەم دەستدرێژییە لە لایەن هاوڕەگەز بێ دەتوانێ کاریگەری لە سەر هۆگریی هاوڕەگەزخوازانەی تاک دابێ و لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیدا دەوری یەکلاکەرەوەی هەبێت.

- ئەزموونی دەستدرێژی لە تافی منداڵیدا دواتر بە شێوازی جۆراوجۆر کاریگەریی نەرێنی لە سەر پەیوەندیی ژیانی هاوبەشی ژن و مێردی دادەنێ و دەبێتە هۆی ناڕازیبوون لە ژیانی هاوژینی و لە کۆتاییدا داڕمانی بنەماڵەی لێ دەکەوێتەوە. لە میانەی ئەم توێژینەوەدا دەرکەوت کە کۆمەڵێ لە کەسانی دەستدرێژیکراو کاتێک کە چوونەتە ناو ژیانی هاوبەشەوە بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژی و بابەتە پەیوەندیدارەکانیەوە لە ژیانی هاوسەرێتیدا ڕووبەڕووی کێشەی جیدی بوونەتەوە. هەندێک لەم ژنانە لە

ژیانی هاوبەش و پەیوەندیی سێکسیدا هەستیان دەکرد کە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان یان خۆیان وەک سۆزانی و لەشفرۆشێک دەبینی. پەرەسەندنی ئەم جۆرە بیرۆکانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی جددی لە ژیانی هاوبەش و تێکچوونی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر.

2-2-3- هاوسەرگیریی پێشوەختە یان دواکەوتنی هاوسەرگیری

زوو هاوسەرگیریکردن (هاوسەرگیری لە تەمەنی بچووک) یان هاوسەرگیری نەکردن، یەکێکی دیکە لە لێکەوتە ئەگەرییەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە تەمەنی منداڵییە، کە هەر دوو دیاردەکە هۆکاری کۆمەڵایەتییان هەیە. لە سەر بنەمای نۆرمەکانی پاکیزەیی و شەرەف، تاکەکان بەتایبەت کچان نابێ بەر لە هاوسەرگیری سێکس بکەن و ئەگەر بە هەر هۆکارێک ناموسیان لەکەدار بکرێ ئەوا پاکیزەیی کچەکە و وەج و ئابڕووی ئەو و خێزانەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە. هێشتا لە هەندێک کۆمەڵگادا پەردەی کچێتی بۆ کچ وەک بەهایەک سەیر دەکرێ، بەڵام کاتێک دەستدرێژیکراو بە هۆی دەستدرێژییەوە پەردەی کچێتیی خۆی لە دەست دەدا ئیتر ئەمە دەبێتە کێشە. کاتێک خوازبێنی بۆ دێ لە ترسی ئاشکرابوونی ئەم بابەتە و ئابڕووچوون و لەکەدارببوونی وەج و شەرەفی خۆی و بنەماڵەکەی بەڵێ بۆ هاوسەرگیری ناکات. دەستدرێژیکراو لەوە دەترسێ کە پاش ئەوەی زاوا بەم بابەتەی زانی، دەری بکا یان تەڵاق بدا، هەر بۆیە لەبەر ترس لە حەیاچوون و دەرکران لە زۆر حاڵەتدا هەڵی هاوسەرگیری لەدەست دەدات. لە هەندێ حاڵەتدا ئەوە خوازبێنە کە بە هۆی نەبوونی پەردەی کچێتییەوە نایخوازێ و هەر ئەمەش دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم هاوسەرگیریی ئەم کۆمەڵە کەسانە. لەو حاڵەتانەی کە هاوسەرگیریش ڕوو دەدا پەیوەندیی هاوژینییەکە تێک دەچێ و یان تەڵاقی لێ دەکەوێتەوە.

لەو حاڵەتانەی کە پرسەکە ئاشکرا دەبێ ڕەنگە دوو ئەنجامی لێ بکەوێتەوە: یەکەم ئەوەی کە لە کەسی دەستدرێژیکاری مارە دەکەن چونکە پێیان وایە داوێنی کچەکەیانی لەکەدار کردووە، هەر بۆیە دەبێ قەرەبووی هەڵەکان بکاتەوە، دووەم: کچەکە لە

یەکەم خوازبێن مارە دەکەن ئیتر بە لایانەوە گرنگ نییە کە ئەمە بۆ کچەکەیان هەڵبژاردەیەکی باشە یان نا یان کچەکەیان لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا پێگەیشتووە یان نا. هاوسەرگیریی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ کەسی دەستدرێژیکار لە بنەڕەتەوە هەڵەیە چونکە دەستدرێژیکارەکە ئەو تەندروستییە دەروونییەی نییە کە بتوانێ ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەڕێوە ببات. لە لایەکی ترەوە هاوسەرگیریی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ کەسی دەستدرێژیکار دەتوانێ ببێتە هۆی بەردەوامبوونی ئەزموونی هەستی نەرێنی وەکوو توڕەیی و ڕق و دڵەڕاوکێ و هەستی لەو چەشنە کە ئەمانە هەر هەموویان کاریگەری لە سەر پەیوەندیی ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی و لایەنەکانی دیکەی ژیانی دادەنێت. نەبوونی حەز و ئارەزووی هاوسەرگیری، یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە هەڕەتی منداڵییە.

3-3 - لێکەوتەکانی ئاستی ورد/تاکەکەسی

1 -3-3 – سەرهەڵدانی پشێویی دەروونی و کۆمەڵایەتی

دەستدرێژی وەک جۆرێک لە تووندوتیژیی سێکسی ڕەنگە نەبێتە هۆی مردن یان بریندارببوون، بەڵام لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ئەو کەسانەی کە بەئەزموونی دەکەن و هەروەها بۆ خێزانەکانیان بۆ چەندین ساڵ درێژەی هەیە. ئەم لێکەوتانە دەتوانن دەستبەجێ و ئاشکرا یان ساڵانێک دوای یەکەم دەستدرێژییەکە خۆیان بنوێنن. کاریگەری و لێکەوتەکانی بریتین لە: لەدەستدانی متمانەی منداڵ بە دایک و باوک و خێزان، دەرکەوتنی دڵەڕاوکێ، ترۆما، ستڕێسی دوای ترۆما، زیان بە خۆ گەیاندن، مەیلی خۆکوژی، خەمۆکی، تێکچوونی باری کەسایەتی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێهێزی، دەرکەوتنی کێشە لەگەڵ ئایدیای دایکایەتی، دەروونپەشێوی و ... . مامۆستایەکی پیاوی تەمەن ٥٠ ساڵ دەڵێ:

جارێکیان کاتی جەنگ بوو و هەموومان لە ژوورێکدا دەژیاین، نیوەشەو بوو کە بە دەنگی ناڵە و نرکەی دایکم و سرتە سرتی باوکم لە خەو هەڵسام. پێم وا تەمەنم لە ناو هەشت ساڵ بوو وگوێم لێ بوو کە دایکم لەبەرئێش دەینااڵند و دەیوت بەسە ئیتریان دەیوت ئێشی دێ، باوکم دەیوت "دەی هیچ نییە" و بەردەوام دەبوو. ئەوەی دەگوزەرا زۆر بە لامەوە سەیر بوو بۆچی باوکم کە لەگەڵ دایکم زۆر میهرەبان و نەرم و نیان بوو کەچی ئاوا هەراسانی دەکرد؟ لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵەیان دەبوو و دەنگیان بەرز و نزم دەبوو و ناڵە و نرکەیان دەهات و من نەمدەزانی

ناڵەی ئێشە یان چیژە. منیش گێژ و وڕ دەبووم ئیترئەو انیش دەخەوتن، بەڵام کە ڕۆژدەبووەوە سەیرم دەکردن و دەمبینی نێوانیان ئاساییە. ساڵێک دو اتر نیوەڕۆ بوو پێکەوە سێکسیان دەکرد کە دەرگای ژوورەکەیانم کردەوە و سەرم وشک بوو باوکم هیچی نەگوت، بەڵام دایکم خێرا چووە دەرەوە و منیش خۆم لە گەوجی دا هەر چەندە سەرم لەمانە دەرنەدەچوو بەڵام دەمزانی جارێکی تر هەمان ئەو ناڵە و نرکانە دووبار دەکەنەوە. کە تەمەنم گەورە بوو، ناڵە و نرکەی ناو فیلمە پۆرنەکانم دەبیست هەم پێم خۆش بوو و هەم لێیان بێزار بووم، تەنانەت داوام لە هاوبەشە سێکسییەکانم دەکرد هەمان شت بکەن و هەمان ئەو ناڵە و نرکانە دووبارە بکەنەوە. ئایا پێت و ایە ئەمە شتێکی ئاساییە؟ من وای بۆ ناچم.

کاتێک منداڵان و مێرمنداڵان بەرکەوتنیان لەگەڵ وروووژێنەرە سێکسییەکان و وێنە و ڤیدیۆ پۆرنەکان دەبێ، بە ئەگەری زۆر تووشی باڵقبوونی پێشوەختە دەبن، ئەم کێشە زەمینە بۆ ڕەفتاری سێکسی پێشوەختە، وروووژانی خراپی بە هۆی گۆڕانکاریی جەستەییەکان و تەنانەت تاڕێنران لە لایەن هاوتەمەنەکان خۆش دەکات. سەیرکردنی فیلمی پۆرن لەوانەیە مێرمنداڵ بۆ بەئەزموونکردنی سێکس دنە بدا و ببێتە هۆی ئەوەی بچێتە ناو پەیوەندییە سێکسییە مەترسیدارەکانەوە کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و یاساییەوە زۆر خەسارەتبەخشە. هەموو بەرهەمە پۆرنۆگرافییەکان وێنەیەک لە پەیوەندییە سێکسییەکان بە بینەر پیشان دەدەن کە زیادەڕەوی و درۆیە و تاک بەم وێنەوە دەچێتە ناو ژیان و پەیوەندییەکی سێکسی ڕاستەقینەوە. ئەم بەرسازە زەینییە لەگەڵ واقیعی پەیوەندییە سێکسییەکان کە دواتر لە قۆناغەکانی گەشەکردندا و لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریدا لە لایەن دامەزراوەکانەوە پێی دەناسێنرێ. یان ئەوەی وەک پەیوەندی سێکسی ئاسایی و باو لە لایەن فەرهەنگی کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران ناسراوە، یەک ناگرێتەوە کە ئەمە لە ناکۆکییە دەروونییەکانی تاکەوە بگرە تا دەگاتە دابەشبوونی دووانەیی (کەسی ئاسایی و نائاسایی، تەندروست و لادەری سێکسی، هاوڕەگەزخواز و ناهاوڕەگەزخواز و هتد) لە خۆ دەگرێت. هەروەها لە پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان هاوسەرەکان، کە داخوازیی تاکەکان لە سەر بنەمای ئەم بەرسازە زەینییانە لە شێوەی فانتاسیا سێکسییەکاندا خۆی دەنوێنێ، هیچ ئەنجامێکی نییە جگە لەوەی ئارەزووەکان بە نائاسایی لە قەڵەم دەدرێن و پەیوەندییەکە ڕووبەڕووی چالنج دەبێتەوە. لەم پرۆسەدا ئەوەی لە لایەن کۆمەڵگا و لە ژینگەی کۆمەڵگاگریی سەقەت و ناکارامەدا دروست دەبێ (دیاردەی زەینی لادەر) لە کاتێکی دیکەدا لە لایەن هەمان ئەو کۆمەڵگاوە ئیدانە دەکرێ و سزای لێ دەکەوێتەوە و بەو پێیەی کە زانست لە پێناو شەرعییەتبەخشین بە دابەشکارییە دووفاقەییەکان هاوکاریی دەسەڵات دەکا، ئەم پرۆسەی دەسەڵات – زانست بەردەوام دەبێت.

دەستدرێژیی سێکسی لە هەڕەتی منداڵی و مێرمنداڵیدا دەبێتە هۆی سەرکوتکرانی تافی منداڵی و هەڕەتی مێرمنداڵی، و لەو قۆناغە تەمەنییانەدا کە داهێنان و ئازادی وەک غەریزە بوونیان هەیە، ئەم ئەزموونانە هەستی چەوساوەیی و بێدەسەڵاتی دروست دەکەن. ئەم هەستکردن بە بێدەسەڵاتییە کە لە ئەزموونی ژیاوی دەستدرێژی سێکسی لە تافی منداڵی و مێرمنداڵیدا دروست دەبێ، ڕەنگە لە ناو دڵ و دەروونداِ بچەسپێ و بە شێوەی خۆبەکەمزانین و هەستی نەرێنی وەکوو سووکی و بێبایەخی لە کەسایەتی تاکدا زەق دەبێتەوە. ئەم کەسایەتییە بەرسازکراوە کاریگەری لە سەر قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی تاک و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە (پەیوەندی نائاسایی یان گۆشەگیری) و ژینگەی دادەنێت. ژنێکی کابانی ماڵ و تەمەن ٤٩ ساڵ دەڵێ:

ئێستا لەبەر ئەوەی کە لە ژێر چارەسەر و ڕاوێژکاری خۆمدا باسم کردووە، دەتوانم ئاوا بە ئاسوودەییەوە قسە بکەم و بە ئێوەشی بڵێم. من ساڵانێکی زۆر لەگەڵ کوڕ و کچەکەمدا هاوجێییم کرد. هەموومان باش دەزانین کە دایک نابێ کاری وا بکا و منیش نە بیانووی بۆ دەهێنمەوە و نە پاکانەشی بۆ دەکەم و خۆم بە تیۆرییەکانی فرۆید و ئەو جۆرە شتانە هەڵناخەڵەتێنم. بەڵام هەمیشە حەشەری بووم و لەوکاتەدا هاوسەرەکەم ساڵانێکی زۆر لە بەرەکانی جەنگ بوو. بە ڕای خۆم و بە هۆی ژینگەی داخراوی ئەوسا وام پێ باش بوو کە خۆم بە منداڵەکانم بحەسێنمەوە نەک لە کۆڵان و شەقام. کوڕەکەمم دەخستە ژێر خۆم و چون ئەندامی نێرینەی بوو خۆشتر بوو بەڵام دەستم لە کچەکەشم دەدا و داوام لێ دەکرد پەنجە بکاتە ناو... هەتا تێر دەبم.

پەیوەندیی نێوان دایک و باوک و منداڵ پەیوەندییەکی قووڵە کە لە سەر بنەمای هەستی هۆگری و وابەستەیی دامەزراوە. منداڵان دایک و باوک وەک پشتیوان و پاڵەوانی ژیانی خۆیان سەیر دەکەن و بەشێکی زۆری ژیانی خۆیان بە وابەستە بەوان دەزانن. کاتێک لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسیدا ئەم جۆرە تێڕوانینە سەبارەت بە پەیوەندی تێک دەچێ قەڵای وێناکانی منداڵان سەبارەت بە دایک و باوکیان تێک دەڕووخێ و تووشی هەستی هەمەجۆر و هەندێ جار لێکدڕ دەبنەوە، لە لایەک دایک و باوک هێشتا بۆ ئەوان دایک و باوکن و لایەکی دیکەشەوە ئەمانە دایک یان باوکێکن کە دەستدرێزیی سێکسییان کردووەتە سەر ئەو منداڵە و هەستیارترین پەیوەندیی نێوان ئەوان واتە بابەتێکی بقە و تابۆیان پێشێل کردووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش منداڵان بە هۆی بەئەزموونکردنی ئەم چەشنە دەستدرێژییانە تووشی زیانێکی دەروونیی گەورە دەبنەوە. یەکێک لە لێکەوتەکان دەتوانێ ترسی تێکەڵ بە تووڕەیی و گوناح بێ کە لە ئەنجامی پەیوەندیی وابەستەیی نێوان منداڵ یان مێرمنداڵ لەگەڵ دایک یان باوکێکی دەستدرێژیکار وەک "ئەویتریەکی گرینگ" بیچم دەگرێت. دەرەنجامی وەها پەیوەندییەک دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسانی وابەستە کە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتییاندا پەیوەندیی لکێنەرانەیان دەبێ پەیوەندییەک کە نابالْقانە و بێبەری لە

کەسایەتی سەربەخۆیە و بەم جۆرە کەسایەتی سەربەخۆ لە ڕووی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەوە کە پێش‌نیازی گەشەی کۆمەڵگایە دروست نابێت. بە لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بنیاتنەر و پشتبەستوو بە سەربەخۆیی کەسایەتی، ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگا لەبار دەچێت.

وا دیارە هەرچی پەیوەندیی نێوان منداڵ و دەستدرێژیکار نزیکتر بێ یان لە نێوان منداڵ و دەستدرێژیکار پەیوەندیی سۆزداری لە ئارادا بێ، ماوەی دەستدرێژییەکە درێژتر دەبێتەوە و بە هۆی وابەستەییەوە لێکەوتەکانی دەستدرێژییەکە بۆ منداڵەکە ترسناکتر دەبێت. سەرکوتکردنی هەڕەتی مێرمنداڵی لە ڕێگەی هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێتوانایی، ڕوانگەی پشتبەستوو بە قارەمانێتی و ڕۆڵی ڕزگاربەخش لەو لێکەوتە وێرانکەرانەیە کە کاریگەری لە سەر درێژەی ژیانی تاک و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری دادەنێت.

دەستدرێژیی سێکسی دەتوانێ قوربانی لە منداڵێکی دڵخۆشەوە بکا بە منداڵێکی دڵتەنگ و خەمۆک و لە پرۆسەی ژیانی ئاسایی بێبەشی بکات. یەکێک لە گرنگترین لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ئەوەیە کە ئەم دەستدرێژییە لە سونگەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی زەینییەوە لە ناخیاندا بەدەروونی دەبێ و لە هەمان ئەو تەمەن و بارودۆخەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان قەتیس دەمێننەوە.

لە هەندێک لە گێڕانەوەی دیمانەکاندا، کەسی دەستدرێژیکراو لە یەک ساتدا بە شێوەی ئاوێتەیی چەندین هەستی نەرێنی بەئەزموون کردووە، هەستی سووکایەتی، گاڵتەپێکردن، کەمتەرخەمیی دایک، و لە هەمووی ڕووخێنەرتر هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێتوانایی کە ئەمە وای کردووە کەسی دەستدرێژیکراو لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا وەری دابببەزێ و متمانەی بە خۆی نەمێنێت. هەروەها هەستکردن بە شەرمەزاری لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا مانای هەیە. شەرمەزاری و خەجاڵەتبوون لەوەی کە دواتر چۆن قەزاوەتی لە سەر دەکەن و کاردانەوەی خەڵک چی دەبێت؟ ترس یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. هۆکارەکانی ترسی منداڵان زۆر جیاوازن. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کاردانەوەی خێزانەکان، تارێنران، ترس لە لەدەستدانی خێزان یان پشتیوان، سزادان، باوەڕپێنەکردنی کەسانی دەوروبەر، دەرکران لە قوتابخانە و هەڕەشەی دەستدرێژیکار. کاتێک دەستدرێژیکار باوک، دایک یان ئەندامانی تری خێزانی منداڵ بن؛ ترس لە لەدەستدانیان یان سزادرانیان لە لایەن ئەوانەوە وا دەکا منداڵەکە ڕووداوی دەستدرێژییەکە نەدرکێنێت. هەندێک

جار منداڵان ترسیان لەوە هەیە کە دوای ئاشکراکردنی توندوتیژییەکە، خانەوادە یان تۆڕە پشتیوانییەکانی دیکە باوەڕ بە قسەکانیان نەکەن و چیتر متمانەی پێ نەکەن.

بنەماڵەی ناوشیار و ڕانەهێنراو، لە ڕێگەی میکانیزمی دەسەڵاتەوە، هەوڵی حاشاکردن لە دەستدرێژییەکە دەدەن و بۆ پاساو و دیترهاوێژیی پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانی خۆی، تێدەکۆشێ کە قوربانییەکە بە درۆزن پیشان بدا یان بە شێت و نەخۆشی دەروونی لە قەڵەمی بدا و لە ئەنجامی دابەشکاری دووفاقەیی و ئەویتریسازی، کەسی دەستدرێژیکراو لە بری پاڵپشتی دەتارێنرێ و سزا دەدرێت. لە ڕاستیدا خانەوادە و کۆمەڵگا لە سێ میکانیزمی هاوبەشی دەسەڵات سوودمەندن: نکۆڵی، دیترهاوێژی و پاساوهێنانەوە.

2-3-3- باڵقبوونی پێشوەختە و دەرکەوتنی ڕەفتاری سێکسیی و ناسێکسیی مەترسیدار

کاتێک کە منداڵان تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە ئەندامە سێکسییەکان، هەست و بیرکردنەوەکانیان بەم پەیوەندییانەوە تێوەدەگێ و ڕەنگە ببێتە هۆی حەشەریبوونیان. هەر بۆیە تووشی باڵقبوونی پێشوەختە دەبن کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵانە پەیوەندیی سێکسیی پەیتا پەیتایان هەبێ و ئالوودەی پەیوەندیی سێکسی بن. ئالوودەبوون بە پەیوەندییە سێکسییەکان کاریگەریی ڕووخێنەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە ئەمەش کاریگەری و لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کار و شێوازی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێ بۆ وێنە: تێکچوونی باری کەسایەتی، نەتوانین لە وتنی "نا"، نەبوونی توانای سێکسیی تەندروست و ... کاریگەرییە دەروونییەکانی باڵقبوونی پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان زۆر زوو بکەونە بەر ستڕێسی تافی مێرمنداڵی. هەروەها باڵقبوونی پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە پەیوەندی لەگەڵ کەسانێک ساز بکا کە هاوتەمەنی ئەو نین و لەڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە، ئەو دۆخانە بەئەزموون بکا کە بۆ تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی گونجاو نییە وەکوو هۆگری بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئالوودەبوون بە پەیوەندیی سێکسی، لەشفرۆشی، ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان. ئەو کەسانەی کە زانیاریی تەواویان سەبارەت بە

پەیوەندییە سێکسییە مەترسیدارەکان نییە، تەندروستیی خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی و زیانی بێژومار دەکەنەوە کە ئەمە دەتوانێ ڕێخۆشکەری هەموو جۆرە نەخۆشییە سێکسییە گواستراوەییەکان و ئایدز بێت. بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە تەمەنی منداڵیدا بۆ هەر یەک لە ڕەگەزەکان (کچ و کوڕ) کاریگەری و لێکەوتەی جیاوازی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی پێشهاتەکانی دەستدرێژیی سێکسییەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە. بۆ وێنە لە پیاواندا هۆگریی سێکسیی هاوڕەگەزخوازانە دروست دەبێ و ژنانیش بە نیازی تۆڵەکردنەوە پەیوەندیی سێکسیی بێژوماریان دەبێت.

3-3-3- خەسارەتە جەستەییەکان

دەستدرێژیی سێکسی لە هەندێک حاڵەتدا کۆمەڵێ زیانی جەستەیی لەگەڵدایە وەکوو زیانگەیاندن بە ئەندامە سێکسییەکان. گرنگترین زیانە جەستەییەکان کە لەم توێژینەوەدا دەستنیشان کراون بریتین لە: واژینیسموس، تێکچوونی ئەندامی سێکسی، تێکچوونی چاو، لەدەستدانی پەردەی کچێتی، نیشانە جەستەییەکانی وەکوو لاوازی، هێمۆرۆبید، خوێنبەربوون، تا و لەرز، سەرئێشە و هێڵنجدان، HPV، شێرپەنجەی منداڵدان، ترپەی دڵ ... لە هەندێک حاڵەتدا منداڵەکە بە هۆی سەختیی زیانی جەستەیی کە بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە دروست دەبێ، دەمرێت. ڕێک لەو کاتەدا کە منداڵ لە قۆناغی ناسینی جەستە و لەشدایە، دەستدرێژی دەکرێتە سەری و ئەم دەستدرێژییە جگە لە نیشانە فیزیکی و بایۆلۆژییەکانی سەر جەستە، وەک تانە و توانجێک هەمیشە لە سەر دەروون و ڕۆحی قوربانییەکە دەمێنێتەوە و هەمیشە و لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا ئەم ناو و ناتۆرەی وەبیر دێنێتەوە کە هەمیشە لە ڕەهەندی زەینی و دەروونیدا چەسپاوە.

3-3-4- زیانە ڕەفتارییەکان

- دەستدرێژیی سێکسی ڕەنگە ببێتە هۆی نارێکیی جەستەیی، کە جۆرە تێکچوونێکی دەروونییە کە تاک تێدا زۆر نیگەرانی عەیبێکی خەیاڵی یان زۆر بچووک لە سەر جەستەی دەبێ و هەمیشە بیری لێ دەکاتەوە. ئەمە عەیبێکی خەیاڵییە و یان ئەگەر بە ڕاستی کەموکوڕییەکی جەستەیی هەبێ کەسی دەستدرێژکراو ئەم عەیبەی زۆر بە لاوە گەورەیە و شەرم لە عەیب و

کەموکوڕییە ڕواڵەتییەکانی دەکا و دایمە بیر لە نەشتەرگەریی جوانکاری دەکاتەوە بۆ ئەوەی عەیب و کەموکۆڕییەکانی چارەسەر بکات.

- هەروەها بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەڵاڵەی وەکوو بێمتمانەیی، بەدڕەفتاری، شەرم یان زیانبەرکەوتن لە مێشکی منداڵدا بیچم بگرێت. ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە قوربانیی ئازار و دەستدرێژیی سێکسین بە پێی هەستەکە زاڵەکەیان کە هەمان هەستی گوناح و تاوانباری و سەرزەنشتە، جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیان لێک دەدەنەوە و دەست دەکەن بە ماناسازی و لە ئەنجامی ئەم هەستکردن بە تاوانبارییە، تووشی ئازاری ویژدان دەبن کە لە ساڵانی دواتری ژیانیدا ئەم هەستکردن بە گوناح و تاوانبارییە کە توانای لێکدانەوەی لۆژیکی لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان لە کەسی دەستدرێژیکراو زەوت دەکا و دنەی دەدا بۆ ئەوەی لە پەیوەندییەکانیدا هەمیشە باج بدا و هەمیشە ڕۆڵی قوربانی و ڕزگارکەر دەگێڕێ و بەرهەمی دەهێنێتەوە.

- کێشەی فێربوون و کەمسەرنجی یەکێکی دیکە لە کێشە باوەکانی ناو منداڵانی دەستدرێژیکراوە. ئەوان تووشی کێشەی دەروونیی جۆراوجۆر دەبنەوە وەکوو نینۆک خواردن، دڵەڕاوکێ، ترس و خەمۆکی. ئەوان پێیان وایە تۆڕە پشتگیرییەکانیان یان هەندێکیان نەک هەر پشتیوان نین بەڵکوو دەستدرێژیکاریشن، هەر بۆیە توانای تەرکیزکردن و سەرنجدانیان نییە. ئەمەش خۆی دەتوانێ یەکێک لە میکانیزمەکانی سەرنەکەوتن لە خوێندن بێت. پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە و نەبوونی سەرنج، کاریگەریی وێرانکەری لە سەر پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتییان لە بواره جیاوازەکانی ژیاندا دەبێت.

- دڵەڕاوکێ یەکێکی دیکە لە نەخۆشییە باوەکانی منداڵانی دەستدرێژیکراوە.

- یەکێک لە کاریگەری و لێکەوتە گرنگەکانی تری دەستدرێژیی سێکسی دروستبوونی وەسواس و هەموو جۆرە ڕەفتارێکی گیرۆدەیی و چەندبارەیە کە کەسی دەستدرێژیکراو بۆ ئەوەی ئەو فشار و دڵەڕاوکێیەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژی دروست دەبێ، کەم بکاتەوە.


- لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی لە ناو منداڵانی دەستدرێژیکراودا تێکچوونی دووجەمسەری یان سنووری، شتێکی باو و ئاساییە. کەسانی دەستدرێژیکراو بە بەراورد لەگەڵ کەسانی دیکە ئاستی ئارامی و سۆز و هاوسەنگیی ڕەفتاریان کەمترە، ئەم

فاکتەرە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی دەوروبەر متمانەیان بە کەسانی دەستدرێژیکراو نەبێ و دەستدرێژیکراوان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا شکست بێنن.

- لە ناو هەندێک لە قوربانیاندا بە مەبەستی ساڕێژکردنەوەی ئەزموونی دەستدرێژی ڕفتارگەلی وەکوو زیانبەخۆگەیاندن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەبینرێت. لەو وەهمانەی کە بە هۆی کێشانی مادە هۆشبەرەکانەوە دروست دەبێ و ئەو خەیاڵ و زەینییەتەی کە بە هۆیەوە زیان بە خۆیان دەگەیەنن، هەندێ هێمای زمانی ناڕەزایەتیی بەرامبەر بە دەستدرێژیی سێکسی بەدی دەکرێت.

- هەروەها ڕەفتارگەلی خۆئازاری (مازۆخیست) و دیترئازاری (سادیست) لە ناو ئەم کۆمەڵە منداڵانەدا باوە. هەڵبەت بە پێی ڕوانگەی ئێریک فرۆم، هەر دۆسییەیەکی خۆئازار هاوکات و لە دۆخێکی دیکەدا دەتوانێ دیترئازار بێ و ئەمە دەستدرێژیکراوی سێکسیش دەگرێتەوە. کەسی دەستدرێژیکراوی سێکسی لە بەرامبەر دەستدرێژکار وەک دۆسییەیەک، دەکەوێتە بەر دەستدرێژی و هێز بەڵام هەر ئەم کەسە دەتوانێ لە دۆخێکی دیکەدا وەک میکانیزمی قەرەبووکردنەوە مامەڵە بکا و بە هۆی ئەو هەست و بابەتانەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژییەکەدا تووشی بووە وەکوو توڕەیی، ڕق، ئیرەیی و ... لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا ئەویتری بە هەر جۆرێک بێ ئازار بدا و ببێتە دیترئازار یان کەسێکی سادیسم.

- شەڕانگێزی یەکێکی تر لە پرسە باوەکانی هەندێک لە منداڵانی دەستدرێژیکراوە. کردەوەی شەڕانگێزی دەتوانێ جەستەیی یان زارەکی بێ و لە ڕووی سروشتەوە ڕەنگە جەستەیی یان دەروونی بێت. هەبوونی مەبەستی زیانگەیاندن یان ئازاردان بژێرەی سەرەکیی شەڕانگێزییە. کارلێکی پشتبەستوو بە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و تارێنران لە لایەک و کارلێکی پشتبەستوو بە شەڕانگێزی و توڕەیی لە لایەکی ترەوە دوو دیوی ئەو کارلێکانەن کە هەندێک جار بە تەنیا یان هاوکات لەگەڵ یەک لە کەسانی دەستدرێژیکراودا دەبینرێن.



چارتی ژمارە 2: گۆڕانکاریيە دەروونی وڕفتاریيەکانی دوای بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی

5-3-3- دەرکەوتنی کێشە سۆزداریيەکان

منداڵان لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەکانەوە، تووشی کۆمەڵێک هەستی ناخۆش دەبن کە چ لە کاتی دەستدرێژی و چ لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە ژیانیاندا دەبێ، هەندێک لە هەستانە بەم شێوەن:

- خۆسەرزەنشتکردن بە هۆی هەستی شەرمەزاری و گوناح: لێکەوتەی ئەم هەستە ئەو کارلێکانەن کە کەسی دەستدرێژیکراو لە پانتایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخ و ڕووداوەکانی ژیاندا نیشانی دەدات. ئەمە ئەو پرەنسیپەیە کە لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا دەبینرێت.

- هەستی ڕق و کینە: سەرچاوەی ڕق و کینەش کەسی دەستدرێژیکار، ڕەگەزی بەرامبەر بە مانای گشتی، خۆی و چاودێرانی منداڵن کە بە باشی ئاگایان لێی نەبووە.

- هەستکردن بە تارێنران و گۆشەگیری: کە تاکەکان لەم حاڵەتەدا هەستی تارێنران و خۆشەویستنەبوون و نائەمنی بەئەزموون دەکەن.

- هەستکردن بە تەنیایی لەگەڵ هەستی خەمۆکی:، هەڵبەت هەستگەلی وەکوو تارێنران، گۆشەگیری و تەنیایی سەریەککەوتنێکی بەرچاویان هەیە.

- هەستی وەحشەت و ترس: سەرچاوەی هەستکردن بە ترس و وەحشەت دوو هۆکاری هەیە: یەکەم ئەوەی کە کاتێک منداڵەکە دەکەوێتە بەر پەلاماری سێکسی و دووهەم ئەو کاتەی کە کەسانی دەوروبەری بەم دەستدرێژییە سێکسییە دەزانن.

- هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و داماوی؛

- هەستکردن بە پیسی یان قێزەونی. ترس لە پیسی و چەپەڵی یەکێک لە جۆرەکانی نەخۆشیی وەسوەسەی فکری و ڕەفتارییە.

- هەستکردن بە نائومێدی؛

- هەستی تۆڵەسەندنەوە، ئەگەر لە کەسانی دەستدرێژیکراو بپرسن کە هەستی سەبارەت بە دەستدرێژیکارەکە چییە، ئەوان ئاماژە بە دوو هەستی ڕق و تۆڵەسەندنەوە دەکەن. بەو پێیەی کە ژمارەیەک لە کەسانی دەستدرێژیکراو هەست دەکەن کە بەشێکی گرنگی ژیانیان لە ژێر کاریگەریی ئازار و دەستدرێژیی سێکسییە، هەمیشە هەستێکی بەهێزی تۆڵەسەندنەوەی لە کەسی دەستدرێژیکار لە ناخیاندا هەیە؛

- هەبوونی ئارەزووی سێکسی بۆ کەسی هاوڕەگەز،

- هەستی جیاوازبوون، ئەم هەستە، جگە لەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سست و لەق دەکا، پەیوەندیی ئەو لەگەڵ واقیعی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و وێنەی ئەوان دەبچڕێنێت.

- هەستکردن بە جیاوازی و هۆگری بۆ خۆڕەحەتکردن، کە ئەمە دەتوانێ ببێتە ئاستەنگی بەر دەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بنیاتنەرەکان. هەروەها خۆڕەحەتکردن دەروازەیەکە بەرەو ڕووی ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان. کەمترین لێکەوتەی ئەم

ڕەفتارە، هەستکردن بە گوناح و ئازاری ویژدان و خۆسەرزەنشتکردن و دواجار پەنابردن بۆ هێزە مەتافیزیکییەکانە بۆ ئەوەی داوای لێخۆشبوون و لێبوردن بۆ گوناحەکانی بکات.

- هەبوونی ڕوانگەی کاڵاگەرایانە بۆ خۆ کە هەندێک جار دەبێتە هۆی دەستکاریکردنی جەستە بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی کەسێکی دیکە یان کەسانی دیکە بەدەست بهێنێت.

4- دواوتە

ئەنجامی لێکدانەوەکان ئاماژە بەوە دەکا کە بە هۆی ئەو ناکارامەییە پێکهاتەیی و کاردانەیەی کە دامەزراوە کۆمەڵگاگری و پشتیوانییەکان لە ئێراندا هەیانە واتە ناوەندی بنەماڵە و بێهێزبستی و داموددەزگا و ڕێکخراوەکانی دیکە؛ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، لە بری ئەوەی چارەسەر بکرێ و ڕێگری لێ بکرێ، لە ڕێگەی سیاسەتدانان لە ئاستە جیاجیاکان و داڕشتنی بەرنامە لە ڕەهەندە زەمەنییەکاندا بە شێوەی سیستماتیک زەمینە بۆ خەسارەتەکانی دیکە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکوو ڕاکردنی کچان لە ماڵەوە و هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ... دەڕەخسێنێت.

ئەو منداڵانەی لە لایەن مەحارمەکانیانەوە و بەتایبەت لە لایەن دایک و باوکیانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان لە هەڕەتی گەورەسالێدا و لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا لە سۆنگەی ڕۆحی و دەروونییەوە تووشی لێکدڕی و دڕوازی دەبنەوە کە لە ڕووی هەستی ئاسایش و متمانەکردن لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتی و جیهانی ژیانیان تووشی کێشەی پەیوەندیسازکردن دەبنەوە. جگە لە لێکدڕییە دەروونییەکان و لاوازبوونی سیستەمی ئاسایش و متمانە لە ناو فەزای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەسی دەستدرێژیکراو تووشی هەستی دژەکۆمەڵایەتی دەبێتەوە و لە ئەنجامی ئەوەدا کارلێکی گۆشەگیرانە و دوورەپەرێزانە دەگرێتە بەر، لە ئەنجامدا دەبینە شایەدی کەسانێکی دژەکۆمەڵایەتی کە کارلێکی بنیاتنەر و تێکۆشەر و چالاکیان لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا نییە کە ئەنجامی ئەمەش دەبێتە لاوازبوونی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ڕاستگۆیی، متمانە، هاوسۆزی و پارێزراوی؛ لە لایەکی ترەوە هاوسەنگیی کارلێک لەم کەسانەدا بە ڕادەیەک دادەبەزێ کە ناتوانن لەگەڵ جیهانی ژینگەیان کارلێکە هاوسەنگ و بنیاتنەرەکان ئەنجام بدەن و سەرتاسەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

و هەروەها وتەزای پیشە و شێوازی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک دەچێتە ژێر کاریگەریی لێکەوتە قەرەبوونەکراو و وێرانکەرەکانیەوە.

منداڵێک کە لە لایەن مەحارمەکانیەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر، بە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە بە هیچ شێوەیەک لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پشتیوانی لێ ناکرێ و هیچ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی دەستدرێژیکراو دانەڕێژراوە؛ لە کۆتاییدا بەرەو کردەوە نایاساییەکان هان دەدرێ و ڕەنگە دواتر لە ناوەندێکی چاکسازی و ڕاهێنان (اصلاح و تربیت) کە وەکوو زیندانی منداڵانە خۆی ببینێتەوە. ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە قوربانیی ئازار و دەستدرێژیی سێکسین بە پێی هەستگەلێک کە هەمان هەستی گوناح و تاوانباری و سەرزەنشتە، جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیان لێک دەدەنەوە و دەست دەکەن بە ماناسازی و لە ئەنجامی ئەم هەستکردن بە تاوانباربیە، بە ئازاری وێژدانەوە تێوەدەگلێن کە لە ساڵانی دواتری ژیانیدا ئەم هەستکردن بە گوناح و تاوانباربیە توانای لێکدانەوەی لۆژیکی لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان لە کەسی دەستدرێژیکار زەوت دەکا و لێکەوتە شاراوە و ئاشکراکانی بە شێوەی قووڵ و فرەڕەهەند کاریگەریی لە سەر هەموو ژیان و ڕەهەندە بایۆلۆژییەکانی تاک و کۆمەڵگا دادەنێت. لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە درێژەی گەشەکردنی منداڵدا یەک لە دوای یەک دەردەکەون و بە شێوەی پرۆسەیەک کار دەکەنە سەر کارلێکەکانی تاک و دووبارە بەرهەمی دەهێننەوە. کەسانی دەستدرێژیکراو لە چاو کەسانی دیکە سەقامگیری و هاوسەنگیی ڕەفتاری و سۆزداریان کەمترە؛ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کارلێکی پێشبینینەکراو و ناشەفافیان لێ دەوەشێتەوە. ئەم فاکتەرە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی دیکە متمانەیان پێ نەکەن و لە ئەنجامدا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تووشی شکست ببن. لە لایەکەوە بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە متمانە و هاوسۆزیبان کەمی کردووە، لە لایەکی دیکەوە لە پەیوەندییە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا خەڵک کەمتر متمانەیان پێ دەکا، بە واتایەکی دیکە فاکتەرە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا "کاریگەریی دوولایەنە"یان هەیە و بە شێوەی لکێنراو درێژەپێدەر و تووندکەرەوەی یەکترن.

5- ڕێکارە پێشنیاربیەکان

دەستنیشانکردنی لێکەوتە بایۆلۆژی و دەروونییەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی پزیشکی و دەروونییە، هەر بۆیە پێویستە پسپۆڕانی ئەم بوارە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و قووڵ لەم بوارەدا ئەنجام بدەن. بە مەبەستی چاکسازی و کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارمەوە ئاماژە بە هەندێک حاڵەت لە ئاستی کەڵان و مامناوەند و وردا دەکەین:

- بە دەستنیشانکردن و ڕاهێنانی ڕەتکردنەوەی بەها نامرۆییەکان کە باڵی بە سەر کۆمەڵگەی پیاوسالاردا کێشاوە و هەروەها بە ڕاهێنان و پلاندانان ڕەگ و ڕیشەی فەرهەنگی پیاوسالاری بنەبڕ بکرێ و ئاستەنگەکانی بەردەم یەکسانیی یاسایی ژنان و منداڵان لا ببرێت؛

- لە ڕێگەی دامودەزگا مەدەنییەکانەوە فشار بخرێتە سەر دامودەزگا جێبەجێکار و دادوەرییەکان بۆ ئەوەی برگەکانی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ جێبەجێ بکرێت.

- بۆ ئەوەی لە ژینگەی ماڵ و کۆمەڵگادا چالاکانە ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی ببینەوە دەبێ لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا شوێنە گشتییەکان دەستەبەر بکرێن و لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی بە منداڵان بدرێت؛

- فەرهەنگی خاوەندارێتەوەر نەمێنێ و چیتر پەردەی کچێتی وەک پێوەرێک بۆ بەهادان بە ئافرەتان بایەخی پێ نەدرێ بۆ ئەوەی ئەو کچانەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، لە ترسی ئابڕووچوون مل بە هاوسەرگیریی زۆرەملێ و منداڵهاوسەری نەدەن؛

- چاوێک بە یاساکانی پەیوەست بە منداڵان و دەستدرێژیی سێکسی و تووندوتیژی دژ بە منداڵاندا بخشێنرێتەوە؛

- نووسینگەی یاریدەدەری پسپۆڕی لە یاسای داد بەهێز بکرێ و لە قوتابخانە و فریاکەوتنە پزیشکی و کۆمەڵایەتی و گەڕەکەکانی سەر ئاستی شار و دێهات نووسینگەی یاریدەدەری دابنرێت؛

- ئەنجوومەنی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان لە دەزگای دادوەری دابمەزرێنرێ و ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە لە پسپۆڕانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕەفتارناسی و یاسا پێکهاتبێت؛

- بۆ ئەوەی دادخوازی لە سەر دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی لە ناو چوارچێوەی خێزان بکرێ پێویستە پارێزەرە پسپۆڕەکان ڕاهێنانیان پێ بکرێت؛

- ئەو دامەزراوانەی کە تەندروستیی گشتیی هاوواڵتیان دەستەبەر دەکەن وەکوو وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی چاکژیانەوە و یارمەتیدەری و ... (بهزیستی و رفاه، مددکاری) هەستیار بکرێن بۆ ئەوەی دەستوەردان لە قەیرانەکان و تووندوتیژی و شەڕانگێزی لە بواری خێزاندا بکەن؛

- ناوەوندی ڕاوێژکاری بۆ چارەسەری گروپ‌دەرمانیی قوربانیان دابنرێ بۆ ئەوەی ڕێگری لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بکرێتەوە و هەروەها گروپ‌دەرمانیی بۆ دەستدرێژیکاران (لە ئەگەری دەستنیشانکران) دابنرێ بۆ ئەوەی هۆکار و زەمینە و میکانیزمەکانی بەردەوامیی دەستدرێژیی سێکسی بناسرێ و هەوڵی چارەسەریان بۆ بدرێت.

- دروستکردنی هێڵی تەلەفۆنی تایبەت بۆ ڕاگەیاندنی ئازار و دەستدرێژیی سێکسیی خێزان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پارێزراوییان ڕەچاو بکرێت.

- سیاسەتدانانی خۆشبژێوی – پەروەردەیی بە فوکووسخستنە سەر خانەوادەی ئێرانی لە پەیوەندیی دەوڵەت و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) و دامودەزگا پشتیوانییەکان، بۆ ئەوەی بێبەشییە فرەڕەهەندەکان کەم ببنەوە.

- داوا بکرێ کە سەبارەت بە مافەکانی منداڵان هۆشداری بدرێ و لە ڕێگەی سووڕپی ئازادانەی زانیاریەکانەوە ژینگەی ئەم منداڵانە واتە ماڵ و قوتابخانە و کۆمەڵگا لە توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی بێبەری بێت.

- هاوکاری کردنی منداڵەکان و ژنان بۆ بەزاندنی ئەو زەینییەتەی کە ناچاریان دەکا بێدەنگی بنوێنن و نکۆڵی بکەن؛

- لە ڕێگەی بانگەشەی ڕاگەیاندنە سەربەخۆ و شەفافەکانەوە خانەوادەکان و شارۆمەندان بە مافە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانی خۆیان ئاشنا بکەن و هەروەها لەگەڵ زانستی نوێ ئاشنا بکرێن بۆ ئەوەی وردە وردە چاکسازیی - لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگادا بکرێ و بیر و باوەڕە ناکارامەکان ئاسەواریان نەمێنێ و پیرۆزێتی بە سەر سیمای تەکووزیی کۆنی بنەماڵەوە بسڕدرێتەوە.

- لە ڕێگەی کەرتی تایبەت و ناوابەستە بە دەوڵەت چالاکییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی پەیوەست بە منداڵان هەموار بکرێتەوە؛

- لە ڕێگەی فشاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر یاسادانەران و جێبەجێکاران هەوڵ بدرێ کە مەودای نێوان یاسا فیقهی و ئیسلامییەکان لەگەڵ یاساکانی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ کەم بکرێتەوە.

- بە نیازی دەستنیشانکردن و هاوکاریکردنی منداڵانی دەستدرێژیکراو لە نێوان ناوەندی قوتابخانە، یاسا، کەرتی پزشیکی و یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی هاواهەنگیی ئۆرگانیکیی کاریگەر ساز بێ و بەرنامەی پەروەردەیی ئامادە بکرێ بەڵام دەبێ مەرجی نهێنیپارێزی مسۆگەر و ئاسایشی ئەم کەسانە دەستەبەر بکرێت؛

- لە ناو ژینگەی باغچەی ساوایان و قوتابخانەکاندا کەڵک لە ڕاهێنەران و بەرپرسانی خاوەنئەزموون و پسپۆڕی پرسە دەروونناسییەکان بگیرێت؛

- بە دروستکردنی کەمپەین و ڕێکخراوی ناڕەزایەتی هەوڵ بۆ خێراکردنی بەسکۆلاریزمکردنی یاسا مەدەنییەکان بدرێ و لە ڕێگەی ئەو گروپە دەسەڵاتدارانەی کە متمانەپێکراوی خەڵکن و هەروەها فشارە نێودەوڵەتییەکان داواکارییەکان پێشکەش بکرێن؛

- لە ڕووی هۆکارناسی و لێکەوتەپێوەرییە جیاوازەکانیانەوە پێویستە لێکۆڵینەوە لە سەر دەستدرێژیی سێکسی بە پێی ڕەگەز و تەمەن (منداڵی و مێرمنداڵی) بکرێت.

- بە شێوەی نێوانبواری و بە ئاراستەی نوێی بوارە توێژینەوەییەکان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەر هاوبەشی و پەیوەندییەکانی نێوان کێشە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان (پەیوەندیی نێوان ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر، هەژاری، تەڵاق سۆزداری، لەشفرۆشی و فرەیی پەیوەندیی سێکسی، هاوڕەگەزخوازی، دزی و هتد) و دەستدرێژیی سێکسی بکەن و ئاوڕ لە زینا لەگەڵ مەحارم بدەنەوە بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەم خوێندنەوەدا کە بە شێوازی نوێیە هەندێ ڕێکار وەدەست بێنن و بتوانن لە سیاسەتدانانە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانی کەڵکی لێ وەربگرن.

- ڕاهێنانی بەردەوام و جیدیی منداڵان سەبارەت بەوەی کە چۆن خۆیان بپارێزن و لە چ حاڵەتگەلێکدا دەبێ داوای هاوکاری بکەن و سەبارەت بە تەندروستیی سێکسی ئاگادار بکرێنەوە؛

- فەرهەنگی خۆڕەخنەگری لە درێژەی ژیانی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی لە تافی منداڵییەوە هەتا هەڕەتی گەورەساڵی دەبێ پەرەی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بناغەی کەسایەتی و خۆڕاگری لە هەمبەر سووکایەتی بە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بەهێز بێت؛

- بە هاوکاریی ناوەندەکانی سەر ئاستی کۆمەڵگا، تاکەکان فێری بەڕێوەبردنی جەستە، خۆکۆنترۆڵکردن، ڕێز لە خۆگرتن و ڕێز لە خەڵک گرتن بن و بتوانن تووڕەیی و وروژان و زەختی دەروونی و ڕۆحی و هەڵچوونی زۆر کۆنترۆڵ بکەن.

- دایک و باوکەکان لە پەیوەندییە سێکسییە پارێزراوەکان ئاگادار بکرێنەوە؛

- هەستی بەرپرسایەتی لە ئەستۆگرتن و چاودێریکردنی منداڵ و مێرمنداڵ لە لایەن دایک و باوک بەهێز بکرێ؛

- فێر بکرێن کە لە ئاست ترس لە حەیاچوون خۆڕاگر بن.

- بەهاسڕینەوە لە وتەزا دەسەڵاتەوەرەکانی پیاوسالاری واتە وتەزای شەرم، ڕێزگرتن و وەج و ئابڕوو؛

- فێرکردن و دووبارەئەندێشی سەبارەت بە بەکارهێنانی "بوێری" و خۆڕاگری لە هەمبەر دەستدرێژکار؛

- سەرکۆنەنەکردنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی و دروستکردنی کەشێکی نائارام بۆ کەسی دەستدرێژکار بۆ ئەوەی چیتر لە سایەی بێدەنگیی کەسی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی ئیتر جەسارەتی ئەوە نەکا دەستدرێژیی سێکسیی بکاتە سەر کەسانی دیکەش.

سەرچاوە و ئاماژەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

- کامیل ئەحمەدی و هاوکاران (1396 هەتاوی). زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران. تاران: چاپخانەی شیرازە.
- کامیل ئەحمەدی و هاوکاران (1400 هەتاوی). ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵان توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان. دانیمارکّ ئاڤای بووف.

سەرچاوە فارسییەکان:

- استراس، انسلم و کربین، جولیت. (1393). اصول روش تحقیق کیفی: نظریه مبنایی، رویه‌ها و شیوه‌ها. ترجمه بیوک محمدی. تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

- ایروانیان، امیر. (1389). باز آسیب‌دیدگی قربانیان جنسی در بستر پاسخ‌های اجتماع و نظام عدالت کیفری. پژوهش حقوق 12 (29): 24-1.

- روثستاین، بو (1393) دامهای اجتماعی و مسئله اعتماد. مترجمان الدن رهبری و دیگران. تهران، نشر آگه.

- گیدنز، آنتونی (1387) تجدد و تشخص: جامعه و هویت شخصی در عصر جدید. مترجم ناصر موفقیان، تهران: نشر نی.

- فروم، اریک (1387) گریز از آزادی. ترجمه: عزت‌الله فولادوند. تهران: مروارید.

- فوکو، میشل (1387). دانش و قدرت. ترجمه: محمد ضیمران. تهران: هرمس.